# ئەنفال لە (هاورێنامە)دا

## هاوڕێ باخەوان

گەڕان بەدوای: (ڕووداوەکانی ئەنفالی بەدناو)دا
هاورێنامە [51] تۆماری دۆزییەوە.

1987-04-00 د.ق، نیوچەکانی سلێمانی و قەراخ و ماوەتی بە گازی کیمیاوی بۆمباران کرد، کە بووە هۆی بریندار‌بوونی 400 کەس و شەهیدبوونی 30 کەس. (5257)
سەرچاوەی 1, پەرتوکی هۆڵندی: Koerdisch Instituut van Brussel - Dossier Koerdistan -Tweede druk - juli 1991 - Brussel. لاپەرە: 92

1987-09-14 د.ق کیمیابارانی دۆڵی مێرگەپانی کرد. (6770)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: ڕۆژژمێری سەروەری - کۆکراوەی ڕووداوەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان - 1975 - 2000 - کۆکردنەوە و ئامادەکردنی ئازاد خانەقینی.

1988 دەسپێکردنی ئەنفالەکانی ڕژێمی ئێراق لە باشووری کوردستاندا، کە بووە هۆی شەهید و ونبوونی زێتر لە 200 هەزار مرۆڤی کورد و ڕووخانی 5000 گوند و 4 قەزا و 30 ناحیە، هەروەها 2500 مزگەوت و 100 کلێساش ڕووخان. (5289)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

1988 بە هۆی ئەنفالەکانەوە و پاشەکشەی هپك لە نێوچەکانی باشووردا، قۆناغی ناومێدی لە باشووردا دەستی پێکرد کە تا ساڵی 91ی خایاند. (5290)
سەرچاوەی 1, پەرتوکی کوردی: هاوڕێ باخەوان - لێکۆڵینەوەیەك لەسەر ڕاپەرینەکەی بەهاری 1991ی باشووری کوردستان - چاپی یەکەم - هۆڵندا - 1994. لاپەرە: 26

1988-02-23 هێرشی د.ق لە چەندین لاوە بۆسەر دۆڵی جافەتی و بارەگای سەرکردایەتیی ینك، پاش شەڕێکی گەورەی درێژخایەنی چەند هەفتەیی هپك پاشەکشەی لە نێوچەکە کرد و ڕژێم گوندەکانی ئەو نێوچانەی هەموو تەخت کرد، ژمارەی شەهید و کوژراو لە هەردوولا گەلێك زۆر بوو. لەو هێرشەدا د.ق زێتر لە 100 فەوجی جاش و 36 لیوای سوپای بەکارهێنا. ئەم هێرشە نێونرا ئەنفالی یەك. (5301)
سەرچاوەی 1, پەرتوکی کوردی: ڕێباز - قەندیل بەغدای هەژاند - یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980-1988 - بەشی دووەم - چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان - 1993. لاپەرە: 221

1988-03-18 پاش 25 ڕۆژ شەڕ، دوژمن دۆڵی جافەتیی گرت و ئەمڕۆ بەیانی گرتنەوەی بڵاوکردەوە و ئەو هێرشەشی نێونا ئەنفال. (5309)
سەرچاوەی 1, پەرتوکی کوردی: ڕێباز - قەندیل بەغدای هەژاند - یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980-1988 - بەشی دووەم - چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان - 1993. لاپەرە: 227

1988-03-20 هێرشی د.ق بۆسەر نێوچەی قەراخی نزیك سلێمانی، کە هێرشەکە 12 ڕۆژی خایاند و ڕژێم چەکی کیمیاویی لە دژی خەڵکی نێوچەکە و هپك بەکارهێنا، ناچار خەڵك و هپك نێوچەکەیان چۆڵکرد و جارێکی تر داگیرکرایەوە. ئەم هێرشە نێونرا ئەنفالی دوو. (5310)
سەرچاوەی 1, پەرتوکی کوردی: ڕێباز - قەندیل بەغدای هەژاند - یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980-1988 - بەشی دووەم - چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان - 1993. لاپەرە: 232

1988-04-00 د.ق لە چەندین لاوە هێرشی کردە سەر نێوچەی گەرمیان و ئەنفالی کردن. لەو هێرشەدا سەدان گوندی سووتان و زێتر لە 100 هەزاری خەڵکی نێوچەکەی سەرەونگوون کرد، ئەمە جگە لە تاڵانکردنی تەواوی موڵك و ماڵەکانی جووتیارانی کورد و هەرزان فرۆشکردنی بە نێوچە عارەب نشینەکان. ئەم هێرشە نێونرا ئەنفالی سێ. (5312)
سەرچاوەی 1, پەرتوکی کوردی: ڕێباز - قەندیل بەغدای هەژاند - یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980-1988 - بەشی دووەم - چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان - 1993. لاپەرە: 233

1988-05-13 د.ق هەموو گوندەکانی نێوچەی کەرکوك، قەڵا سێوکە، شوان، شێخ بزێنی و ساڵەیی تەخت کرد، هپك هەندێ شەڕی تێدا کرد، بەڵام دوژمن بە خەستی چەکی کیمیایی لە گوندی گۆپتەپە بەکارهێنا و بووە هۆی کوشتنی زێتر لە 100 هاووڵاتی و چەند پێشمەرگە. بە ناچاری پێشمەرگەکانیش نێوچەکەیان چۆڵکرد. هەر لە هەمان کات دوژمن هێرشی کردە سەر نێوچەی دەشتی کۆیە و دەشتی هەولێر، زێتر لە 100 گوندی بە چەند ڕۆژ تەخت کرد و چەند جارێك چەکی کیمیایی بەکارهێنا. بەم جۆرە هەموو نێوچەکانی گەرمیان، قەراخ، دۆڵی جافەتی، مەرگە، شارباژێر، سەفرە و زەروون، سورداش، چەمی ڕێزان، قەڵا سێوکە، ساڵەیی شوان، شێخ بزێنی، دەشتی کۆیە و دەشتی هەولێر کەوتەوە دەست د.ق و هپك یش پاشەکشەی کرد. هەموو ئەو هێرشانەی دوژمن نێونرا ئەنفالی چوار. (5316)
سەرچاوەی 1, پەرتوکی کوردی: ڕێباز - قەندیل بەغدای هەژاند - یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980-1988 - بەشی دووەم

- چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان - 1993. لاپەڕە: 233

1988-05-15 تا 26-08: ڕووداني ئەنفالەکانی 5، 6 و 7 لەلایەن د.ق. (6752)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

1988-08-25 بەکارهێنانی گازی کیمیاوی لە دژی دێهاتییەکانی بادینان. (5327)
سەرچاوەی 1, گۆڤاری کوردی: سەربەخۆیی - ئۆرگانی نێوەندی پارتی سۆشیالیستی کورد، پاسۆك - ژ21 و 22 - فیبریوەری و مارتی 1990. لاپەڕە: 22

1988-08-26 بۆردومانکردنی نێوچەی هیران بەگازی کیمیاوی، کە بووە هۆی بریندار کردنی شەهید هاشم شەمامکی. (5328)
سەرچاوەی 1, پەرتوکی کوردی: ڕێباز - قەندیل بەغدای هەژاند - یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980-1988 - بەشی دووەم - چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان - 1993. لاپەڕە: 240

1988-08-28 هێرشی سەرانسەریی د.ق بۆسەر باشوور، لە ئەنجامی ڕژاندنی گازی کیمیاوی بەسەر نێوچەکانی بادینان و بالیساندا، خەڵکێکی زۆر شەهید و ئاوارەبوون. (5329)
سەرچاوەی 1, پەرتوکی کوردی: ڕێباز - قەندیل بەغدای هەژاند - یاداشتی پێشمەرگایەتی 1980-1988 - بەشی دووەم - چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان - 1993. لاپەڕە: 241

1989 بەکارهێنانی گازی کیمیاوی لە دژی پێشمەرگەکانی باکوور، لەلایەن د.ت. (5335)
سەرچاوەی 1, ڕۆژنامەی عەرەبی: الاستقلال - الحزب الاسلامي الكردستاني - العدد 13 - اب 1996. لاپەڕە: 5

1989-01-26 گیرانی تاوانبار فرانس فان ئانراتی لە شاری میلانۆی ئیتالیا، نێوبراو یەکێك بووە لەو هۆڵندییانەی کە لە ساڵانی هەشتاکاندا هەزاران تۆن گازی کیمیاویی بە سەددام فرۆشتووە. بەڵام پاش ماوەیەك ئازاد کرا و ڕوویکردە ئێراق. (8643)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

1990-02-07 بەرەی کوردستانی، بەیانێکی بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەرکرد، تاوەکو یارمەتیی ئەو پەناهاندانەی ئۆردوگای دیاربەکر بدەن، کە د.ق، بە گازی کیمیاوی کەنەفت و برینداری کردوون. (5366)
سەرچاوەی 1, گۆڤاری کوردی: سەربەخۆیی - ئۆرگانی نێوەندی پارتی سۆشیالیستی کورد، پاسۆك - ژ21 و 22 - فیبریوەری و مارتی 1990. لاپەڕە: 22

1991-09-18 دۆزینەوەی گۆڕێکی بەکۆمەڵ لەسەر ڕێگای هەولێر - مەخمور کە تەرمی 25 هاووڵاتیی کیمیابارانەکەی بالیسانی تێدابوو. (6790)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: ڕۆژژمێری سەروەری - کۆکراوەی ڕووداوەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان - 1975 - 2000 - کۆکردنەوە و ئامادەکردنی ئازاد خانەقینی.

1992 زستانی ئەم ساڵ، دوو منداڵی کورد کە نێویان چنار ناسح عەلی و هێمن ناسح عەلیە، لە ڕێگەی قوتابخانە لە شارۆچکەی سەید سادق، لە سەرمانا ڕەق بوونەوە، ئەمانە لە ئاوارەکانی کەرکوکن و خەڵکی گەڕەکی شۆڕیجە بوون و باوکیشیان ئەنفال کراوە. (5506)
سەرچاوەی 1, گۆڤاری کوردی: خەرمانە - گۆڤارێکی وەرزیی ئەدەبیی ڕۆشنبیریە - ژ8 - سوید - 1993. لاپەڕە: 29

1993-10-22 د.ت، شاری لیجەی بەگازی کیمیاوی بۆمباران کرد و بووە هۆی خاپوور کردنی 240 خانوو و هەروەها 240 دامودەزگای ئابووریشی وێران کرد. (5736)
سەرچاوەی 1, گۆڤاری کوردی: دلانپار - ژ - 4 - خولی چوارەم - 25-12-1994 - دەنگی کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیری نیشتمانی کوردستان - فینلاند. لاپەڕە: 1

1994-08-30 دامەزراندنی ڕێکخراوی ئاوارە و ئەنفالەکانی کوردستان، لە شاری هەولێر. (5954)
سەرچاوەی 1, ڕۆژنامەی کوردی: ڕێگای کوردستان - ئۆرگانی حیزبی کۆمۆنستی کوردستان - ژ - 123 - ساڵی 50، 06-09-1994. لاپەڕە: 8

1996-08-31 هێزەکانی پدك، شانبەشانی هێزەکانی ئەنفالی ڕژێمی بەعسییان، هێرشیان کردە سەر شاری هەولێر و لە دەستی هێزەکانی ینك یانیان سەندەوە، لەم هێرشەدا داگیرکەر چەندین ماڵ و بنکەی ئۆپۆزسیۆنی ئێراقیی ڕووخاند و نزیکەی 100 کەسیشی لێ کوشتن، لە ئەنجامدا شارەکەیان گرت و هێزەکانی ینك یان لێدەکرد. سەرچاوەکان وا ڕادەگەیەنن کە 45 هەزار سەرباز و 300 تانك و 200 تۆپی قورس لەو هێرشەدا بەشداریی کردووە. (6363)
سەرچاوەی 1, گۆڤاری کوردی: مەڵبەند - مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کورد لە لەندەن - ژ74 - سێپتیمبەری 1996. لاپەڕە: 1

2000-04-13 بەبۆنەی یادی دوازدەیەمین ساڵڕۆژی ئەنفالە شوومەکانەوە ڕێڕۆشتنێکی ماتەمامینی لە شاری سلێمانی سازکرا و خۆپیشاندەران یاداشتێکیان دایە نوێنەرانی نەتەوەیەکگرتووەکان لە سلێمانی بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێك بۆ ونبووانی ئەنفال و باشتربوونی بارودۆخی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان و گەڕانەوەیان بۆ شوێنەکانی خۆیان. (2437)

سەرچاوەی 1, تەلەڤزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی ینك Kurd Sat

2001-06-27 نزیکەی 100 پارت و لایەنی کوردی و 130 کەسایەتیی کورد یاداشتێکیان پێشکەشی سکرتێری گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکان کوفی ئەنان، پەرلەمانی ئەوروپی، باڵوێزی وڵاتە عەرەبی و ئیسلامییەکان، باڵوێزی ئامریکا و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ کرد، کە تایبەت بوو بە کێشەی ئەنفالکراوەکانی ساڵی 1988ەوە و داوای دیاریکردنی چارەنووسیان و داوەریکردنی بکەرانیان کرد. (7003)
سەرچاوەی 1, هاورێنامە هاورێنامە

2001-10-12 پۆلیسی دانیمارکی لێکۆڵینەوەیەکی لەگەڵ ژێنەڕاڵی ئێراقی نزار ئەلخەزرەجی کرد. نێوبراو یەکێکە لە تاوانبارانی هەڵەبجە و ئەنفال کە ماوەی دوو ساڵێکە داوای پەنابەریی لە وڵاتی دانیمارك کردووە. (7116)
سەرچاوەی 1, ڕۆژنامەی عەرەبی: الحیاة 13-10-2001

2001-11-25 سەڵاح ڕەشید وەزیری مافی مرۆڤ و ئاوارەو ئەنفال (ینك) لە دیوانی وەزارەت پێشوازی لە وەفدێکی ڕێکخراوی NPAی نەرویجی کرد. (7197)
سەرچاوەی 1, ڕۆژنامەی کوردی: کوردستانی نوێ 26-11-2001
سەرچاوەی 2, تۆماری جەماوەر: کاك هەرزین شۆرش قادر لە هۆڵندا

2002-09-13 دکتۆر کازم حەبیب، نووسەرێکی عەرەبی ئێراقییە لەسەر تۆری ئنتەرنێت لە ژووی پێشکەوتنخوازان وەك عەرەبێك داوای لێبووردنی لە کورد کرد بۆ ئەو تاوانانەی کە لەلایەن داگیرکەری ئێراقییەوە لەدژی کراوە، لەوانە ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە. شایانی باسە ئەمە یەکێکە لەو کەمینە زۆر کەمە عەرەبانەی کە تاوەکو ئێستا داوای لێبووردنیان لە کورد کردبێت. دکتۆر عیسام خەفاجیش پێشتر داوای لێبووردنی لە کورد کردووە. (7382)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: هەواڵەکانی کوردستان لەسەر سایتی ینك http://www.puk.org

2002-09-24 تۆنی بلێری سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا لە لێدوانێکیدا لەبەردەم پەرلەمانی بەریتانیا دەربارەی مافی مرۆڤ، باسی کورد و ئەو نەهامەتییانەی کرد کە لەلایەن د.ق بەسەری هاتووە. هەروەها باسی ئەوەشی کرد کە کورد کە نزیکەی 100000 کەسی بە گازی کیمیاوی و چەکی فرەکوژیی ئێراقییەوە لێکوژراوە. (7371)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2003-03-15 جۆرج بوشی سەرۆکی ئامریکا لەگەڵ 3 کوردا کۆبووەوە کە کەسوکاریان لە شاری هەڵەبجەدا بە گازی کیمیاوی کوژرابوون. (7527)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2003-04-00 کۆتایی ئەم مانگە: دۆزینەوەی 7 گۆری بەکۆمەڵ لە نزیك سەربازگەی تۆبزاوای کەرکوك کە نزیکەی دوو هەزار گۆری ئەنفالکراوی تێدایە. (7631)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2003-04-16 دۆزینەوەی گۆرێکی بەکۆمەڵ لە ناوچەی کەرکوك کە نزیکەی 2 هەزار کوردی تێدا نێژراوە، چاودێران دەڵێن ئەوانە ئەو کوردانەن کە لە کۆتایی هەشتاکاندا لەلایەن داگیرکەری ئێراقییەوە ئەنفالکراون. (7608)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2003-04-17 وەزیری دەرەوەی داگیرکەری سووریا فاروق ئەلشەرع ڕایگەیاند کە سووریا بەهیچ جۆرێك ئامادە نییە بپشکنرێت بۆ چەکی کیمیاویی و فرەکوژ. (7609)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2003-04-18 مەسعود بارزانی یاداشتنامەیەکی ئاڕاستەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و پارتە ئێراقییەکان کرد بۆ یارمەتی و گرنگیدان بۆ دۆزینەوە یان نهێنی هەڵماڵینی ئەو هەزاران کوردەی کە لە ئەنفالی بەدناودا بزربوون. (7619)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2003-05-11 دۆزینەوەی گۆرێکی بەکۆمەڵی کورد لە ناوچەی شنافیەی نێوان نەجەف و سەماوە لە باشووری ئێراق. ئەم گۆرە نزیکەی هەزاران تەرمی ئەنفالکراوەکانی تێدایە و زۆربەیان ژن و منداڵن. (7652)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2003-05-30 دۆزینەوەی گۆرێکی تری بەکۆمەڵ لە ناوچەی دوبزی کەرکوك، لەم گۆرەدا نزیکەی 200 منداڵ و 100 ژنی کوردی تێدا نێژراوە و مێژووی گۆرەکە دەگەڕێتەوە بۆ کاتی ئەنفالەکان. (7676)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2003-06-00 ئەم مانگە: دۆزینەوەی گۆرێکی بەکۆمەڵ لە نزیك شاری ناسریەی باشووری ئێراق کە نزیکەی 1000 ئەنفالکراوی تێدایە. (7689)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2003-06-00 ئەم مانگە: دۆزینەوەی گۆڕێکی بەکۆمەڵ لە نزیك شاری کەرکوك کە نزیکەی 3000 ئەنفالکراوی تێدایە. (7690)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2003-07-00 دۆزینەوەی گۆڕێکی بەکۆمەڵ لە ناوچەی حەزەر، ئەم گۆڕە 30 تەرمی خەڵکی ناوچەی سووداشی تێدایە و لە ساڵی 1988دا ئەنفال کراون و زۆربەیان ژن و منداڵن و بەجلی کوردییەوە نێژراون یان زیندەبەچاڵ کراون. (7708)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2003-07-00 دۆزینەوەی گۆڕێکی بەکۆمەڵ لە ناوچەی عەممارە، ئەم گۆڕە 100 تەرمی کوردی تێدایە و لە ساڵی 1988دا ئەنفال کراون. (7709)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2003-07-00 دۆزینەوەی دێکومێنتێکی موخابەراتی ئێراقی کە بە مێژووی 10-12-1989 لە لکی موخابەراتی کەرکوکەوە نێردراوە بۆ موخابەراتی گشتی لە بەغداد، لەم دێکومێنتەدا ناوی چەندین ئافرەتی کوردی ئەنفالکراو هاتووە کە تەمەنیان لە نێوان 14 تا 29 ساڵدایە و نێردراون بۆ مەلها و نایتکلابەکانی وڵاتی میسر. (7710)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-04-00 12 پارتی ئێراقی لە بەیانێکی هاوبەشدا داوای قەرەبووکردنەوەی زیانەکانی ئەنفالیان بۆ گەلی کورد کرد. (7931)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-04-25 بەستنی کۆنفرانسێك بۆ ئەنفال لە شاری لاهایی هۆڵندا لەلایەن کۆمەڵێك ڕێکخراوی کوردییەوە. (7933)

2004-07-01 تاوانبار سەددام حسێن ڕاپێچی دادگای لێکۆڵینەوەی ئێراقی کرا، لە لێکۆڵینەوەکەدا بە هەفت تاوانی گەورەی دژبە مرۆڤایەتی تاوانبارکرا کە دووانیان کیمیابارانی هەڵەبجە و ئەنفال و سەرونگومکردنی هەزاران بارزانی بوو. سەددام لە لێکۆڵینەوەکەدا ڕازی نەبوو بەوەی ئیمزای ئەوە بکات کە ئەم تاوانانەی ئاڕاستە کراوە، شایانی باسە هەندێك لە لێکۆڵینەوەکە بە تەلەڤزیۆن بڵاوکرایەوە. هەروەها هەر ئەمڕۆ یاریدەدەرێکی سەددام و تاوانبار عەلی کیمیاوییش خرایە بەردەمی هەمانی دادگای لێکۆڵینەوە. (8077)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-10-00 دۆزینەوەی دوو گۆڕی بەکۆمەڵ لە ناوچەی هەڵەبجە و عەنەب، ئەم دوو گۆڕە نزیکەی 300 کوردی تێدایە کە لە هێرشەکانی ئەنفالدا تیرۆرکراون. (8405)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-12-00 هەردوو لیستی هەڵبژێردراوی کوردستان بۆ پەرلەمانی ئێراق و کوردستان، کۆمەڵێك کەسانی جاش و تاوانباری تێدایە لەوانە جەوهەر محێدین جیهانگیر و زۆری تر کە پێشتر یان سەرۆك جاش بوون یان دەستیان لە ئەنفال و ژینۆسایدی کوردا هەیە. (8819)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-12-07 پۆلیسی هۆڵندی ڕایگەیاند کە دوێنێ تاوانبار فرانس ڤان ئانڕاتی لە شاری ئامستەردام دەستگیر کردووە، نێوبراو یەکێك بووە لەو هۆڵندییانەی کە لە ساڵانی هەشتاکاندا هەزاران تۆن گازی کیمیاویی بە سەددام فرۆشتووە. (8642)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-12-20 لە ناوچەی تۆبزاوای نزیك کەرکوك گۆڕێکی بەکۆمەڵ دۆزرایەوە، ئەم گۆڕە نزیکەی 50 کوردی تێدایە و لە ساڵی 1991دا داگیرکەری ئێراقی لێرەدا ئەنفالی کردوون. شایانی باسە نزیکەی 20 تەرمی ئەم گۆڕە بەکۆمەڵە ناسراوە و کەسوکاریان بردوویاننەتەوە و لە شوێنی خۆیان ناشتوویانن. (8714)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2005-01-17 زیاد ئەلخەساونە سەرۆکی تیمی داکۆکیکردن لە سەدام حوسێن رایگەیاند کە تیمەکەیان شایەت و بەڵگەی پێیە کە سەدام حسێن و رژێمەکەی هەڵەبجەیان کیمیاباران نەکردووە. (8943)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2005-03-16 بەبۆنەی ساڵڕۆژی کیمیابارانی هەڵەبجەوە لە کوردستان TV فیلمی ژیان لە دەرهێنانی ج. ڕۆژبەیانی پیشاندرا. (9162)
سەرچاوەی 1, تەلەڤزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی پدك Kurdistan TV

2005-03-16 بەپێی ئامارێك کە لە تەلەڤزیۆنی کوردسات بڵاوکرایەوە، لە ساڵی هەشتاکاندا نزیکەی 280 ناوچەی کوردستان بۆردومانی گازی کیمیاویی کراوە. (9163)

سەرچاوەی 1, تەلەڤزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی ینك Kurd Sat

2005-03-18 دەستپێکردنی دادگاییکردنی تاوانباری هۆڵەندی فرانس فان ئانڕاد لە دادگای ڕۆتەردام، نێوبراو لە هەشتاکاندا هەزاران تۆن گازی کیمیاویی بۆ داگیرکەری ئێراقی پەیداکردووە، لە دادگاییکردنەکەدا چەند کوردێك وەك گەواە ئامادەبوون، لەوانە کاروانی جیهاز کە پێشمەرگەیەکی کۆنی یەکێتی بووە و یەکێکە لە قوربانییەکانی گازی کیمیاوی. (9168)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

* ئەم دۆکومێنتە بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی لە بەرنامەی هاورێنامەوە درووستکراوە
*ڕۆژ و کاتی دروستکردن: 14-04-2005 11:59:35
*هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد
*ڤێرشنی: 1.2.3
*دانانی: هاورێ باخەوان

http://www.bakhawan.com
hawreh@bakhawan.com